ئازار دەستی پێدامە فلچەو ئەوینیش بەردەوامی پێ بەخشیم

لە منداڵیمدا شەڕ تەواوی خەونەکانی دزیم ، کە گەورە بووم شەڕ لە خۆشەویستانمی کردم ، کە بوومە باوکیش شەڕ کوڕەکانمی لێسەندمەوە ، لەم کوردستانەدا لە دەستدانی خۆشەویستان بوتەڕۆتین ، ئێمە لێرە بە مەرزێک تەنراوین کە تەنانەت باڵندەکانیش ناتوانن لە ترسی ئاسمانی پڕ بۆمب و پڕ ژەهری کیمیاوی بەسەربەستی تیایدا بفڕن ، لانە ونیشتمانمان پڕە لە (حەرامکراوەکان) ، بۆ هەر جێگەیەک دەچین چاوێک لە پشتمانەو چاودێری هەڵس وکەوتمان دەکات .

باوکم لە ژێر بەتانیەکەیەوە گوێ لە ڕادیۆ دەگرێت ، هەواڵەکان پڕ مەترسیە " بڵێ ی نەمانکوژن"؟!

دایکم ڕقی لە سەرپۆشەکەیەتی وپرچە قاوەییەکانی خۆی خۆشدەوێت کەچی لەوە دەترسێت بە فرێدانی سەرپۆشەکەی سەریشی لە دەست بدات! لەم وڵاتە پڕ نەوتە بەشی هێندە نەوت شک نابەین بیکەینە چراکانمانەوەو تاریکی شەوانمانی پێ بڕەوێنینەوە.

باوکم ڕازی نەبوو کار بکات ، ئاخر تەنیا کارێک کە پێ ی سپێردرا ئەوەبوو ، تفەنگێک هەڵبگرێت و بکەوێتە کوشتنی هاوسێ و درەخت و باڵندەکانی ئاسمان .

جارێک وتی پێیان وتوم " باڵندەکان بکوژە نەبادا نامەی نێوان شاخ و شار بگوێزنەوە" ، حکومەتەکەمان ڕقی لە شاخەکانە ، وەلێ باوکم هەمیشە دەڵێ " تەنها هاوڕێیەک هەمانبێ ئەم چیایانەن". ئەوان ڕۆژێک هەوڵیاندا پاش سەربڕینی هەموو چیاکان لمی بیابان بێنن تا سەوزایی شاخەکانی پێ داپۆشن ، بەڵام ڕوبار بڕیارییدا کە هەرچی گەردی تۆزێک ئەوان هێناویانە بیشواتەوە ، بۆیە کەوتنە وێزەی ڕوبار و پەلکە زێڕینەی پرچیان لە سەر چڵە داری زەیتوون لە سێدارەدا.

لێرە عەشق مایەی شەرمەزاریە و کوشتن مایەی شانازی ، لە کاتێکدا عەشق مایەی شەرم نییە ، ئەوە مایەی شەرمەزارییە کە شەرم لە عەشق بکرێت ! لێرە دەبێت بە زمانی بێگانان بدوێین ( عەرەبی ، تورکی ، فارسی) کە چی ڕێمان نادەن ئەو وشانەی وا ئێمە دەمانەوێت بە کاری بێنین ، گەر بە زمانێک بدوێین کە ئەوان تێ ی ناگەن زمانمان دەبڕن ، (ک و ر د ) ئەو چوار پیتە لەکوردستاندا هێندە ترسناکە کە چەندین مرۆڤ ڕەوانەی ئەودنیا کراون تەنها لەبەر ئەوەی وتویانە " ئێمە کوردین" . دایکم دەڵی " لە دەرەوەی ماڵ و لە قوتابخانە ولە خەوناکانتاندا بە کوردی مەدوێن " ، دایکم تەواوی ئەو ئامۆژگاریانەمان بە کوردی دەکات چونکە زمانێکی تر نازانێت !

قینم لە هیچ کەس و زمان و نەتەوەیەک نییە ، هەموان لێو بەخەندەین ئەو دەمەی بەختەوەرین و چاو بە گریان ئەو دەمەی خەمبار. هەموو عاشقین و ڕۆژێک دادێ کە دەمرین . بەڵام من لەوە حالی نابم، هۆی چی یە ڕقیان لێمە؟!